# مۆزەخانەی جەمال بەختیار

**ئەگەرچی لە سەردەمی شۆڕشی زانیاریدا دەژین، ئەمرۆش پتر لە هەموو سەردەمێکی بەر لە ئێستا، خاوەنی سەدان کەناڵی هەمەجۆری میدیا و گەیاندن و راگەیاندنی زانین و زانیارین، بێ لە تۆڕی هەزار و یەك سەرەی سۆشیال میدیا، کەچی هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندێکی مەزنی کورد، کە هەموو ژیانی لە پێناو رزگاریی نەتەوەکەی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا بەسەر بردووە، تابلۆی گەیشتووەتە کۆشکی سپی، هونەرەکەی دەنگی شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد بووە، لە ئەمریکادا جوانیی کوردستان بووەتە هەوێنی چەندین تابلۆی ئەو، وەك پەیامێکی ستاتیکی بە خەڵکی ئەوێی ئاشنا کردووە، بەڵێ سەرەڕای هەموو ئەو شتانە، دەبینین هەواڵی مەرگی ئەو هونەرمەندە سارد و سڕ و بێ کسپە تێپەڕ دەبێت.**

تاریق کارێزی

هونەرمەند جەمال بەختیارە لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لە کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کرد. ئەو بە خۆی و هونەرەکەیەوە هەردەم پێشمەرگە بووە، لە تەمەنی لاویدا بۆ پشتیوانیکردن لە کۆماری دیموکراتی کوردستان، لە هەڵەبجەوە بەرەو مەهاباد دەکەوێتە رێ و بە فەرمانی قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان، لە گوندێکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی، دوای تیرۆرکردنی کۆماری شکۆمەند، جەمال بەختیار دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و لە سلێمانی دوور دەخرێتەوە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا دیسان دەچێتەوە ریزی شۆڕشگێڕانی رزگاریخوازی کوردستان، دوای تیرۆر کردنی ئەم شۆڕشەش، ساڵێك وەك پەنابەر لە ئێراندا دەمێنێتەوە، لەو ساڵەدا یەکەمین قوتابخانەی هونەر لە شاری کاشان دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٧٦ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافی پەنابەریی پێ دەدرێت، لەوێش دوای تەواوکردنی خوێندن، دەبێتە مامۆستای هونەر و پاش ئەوەی تەمەنی هەڵدەکشێت، وەك مامۆستا خانەنشین دەکرێت. لەم ساڵانەی دواییدا، لە شاری ناشڤیڵ لە ویلایەتی تێنیسییەوە ماڵی دەباتە ویلایەتی فلۆریدا، ژینگەی فلۆریدا بۆ تەمەن و تەندروستیی ئەو گونجاوتر بوو.



لە باسکردنی جەمال بەختیاردا، ئێمە بەرانبەر بە کەسایەتییەکی خاوەن دوو رەهەند دەبینەوە. رەهەندی یەکەمیان وەك هونەرمەندێکی شێوەکار و وەك نیگارکێشێکی کارامە، رەهەندی دووەمیش وەك کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری سیاسی، هەردوو رەهەندەکەش لە لای ئەو زاتە، تێکەڵ بە عەشقێکی باڵای گەل و نیشتیمان بوون.

لە هەردوو بواری هونەر و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، جەمال بەختیار خاوەن تۆمارێکی دەگمەنە، بە چەشنێك ئەو شایستەی ئەوەیە کە نەتەوەکەی بۆ هەمیشە شانازیی پێوە بکات، پێم وا نییە لە وتارێکی وا کورتدا بتوانین مافی تەواوی ئەو هونەرمەندە پایە بەرزە بدەین، تەواوی قسە







کردنمـان لێـرەدا لە بـارەی ئەو، تەنیا بـۆ یادکردنەوە و وەبیـر هێنانەوەیـە نـەك زیاتر.


وێستگەکانی ژیانی ئەم هونەرمەنـدە داهێنانی زۆرە، ئـەو تابلۆیانـەی ئەو کـە گەیشـتوونەتە کوردسـتان، لـە لای چەنـد سـەرکردەیەکی باشـووری کوردسـتان پارێـزراون، هەرچەنـدە ناشـزانم ژمـارەی ئـەو تابلـۆ و بەرهەمـە هونەرییانـەی ئـەو کـە فەوتـاون چەندن، مەزەنـدەش وایـە شێرەبەشـی تابلۆکانی لـە ماڵەکەی خۆیـدا لـە ئەمریـکا لـە لای خانەوادەکـەی بێت.

ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٦ ماڵپەڕێـك ئـەم هەواڵـەی بڵاو کردەوە: «شـەوی رابـردوو هونەرمەندی کـورد جەمال بەختیـار لە ویلایەتـی کالیفۆرنیـای ئەمریکا کۆچی دوایـی کـرد» هەواڵەکە هەندێـك زانیاریی سادەشـی لـە بـارەی هونەرمەندەوە خسـتە روو، ئـەو هەواڵە زۆر ئاسـایی بـەر گوێـی هەمـووان کـەوت، وەك ئـەوەی شـتێکی ئەوتـۆ رووی نـەدا بێت.

بەڵـێ، کـورد گوتەنی «مردن هەقـە و ناهەق نییە»، بـەڵام هەر مـردن بۆ خۆی وەك رووداوێـك، دەرفەتێکە تـا باسـی کاروانـی ژیانی کەسـەکە بکەیـت، ژیانی جەمـاڵ بەختیار تۆمـاری وردی رێڕەوی تێکۆشـانی نەتەوەیەکـە بـە درێژایی یەك سـەدە، ئـەو هونەرمەندە هێژایـە لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم هاتووەتـە دنیاوە، لە یەکەمین چارەکی سـەدەی (٢١) ـەمیش بۆ یەکجـاری دنیـای جێهێشـت، بەرانبەر بە گەورەیـی ئەم هونەرمەندە، دەبـوو کەناڵەکانی میدیای کوردسـتان جۆش و پەرۆشـییەکیان بنواندبایە، ئێمە بە گشـتی بەرانبـەر بـەو هونەرمەنـدە مەزنە خەمسـارد بوویـن، چونکـە تا ئێسـتا کتێبێـك لە بـارەی ژیانی، پەڕاوێـك لـە بـارەی بەرهەمەکانـی، لە کوردسـتاندا بـڵاو نەکراوەتەوە.



ئەگـەر بمانەوێـت رێـز لـە گەورەیی جەمـال بەختیار بگرین، باشـترین شـت ئەوەیـە مۆزەخانەیەکی تایبەت بـە تابلـۆ و بەرهەمەکانـی ناوخـۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتـی دابمەزرێنیـن. تابلۆکانـی ئـەم هونەرمەنـدە سـامانێکی نەتەوەیین، پاراستنی ئەرکێکی پیرۆزە. تۆ بڵێـی کێ بێـت ئەو ئەرکـە پیرۆزە بەجـێ بگەیەنێت؟



**لیا شەرەف بۆ گوڵان:**

# زۆر کەس چاویان بە سەرکەوتنی هونەری مەغریبی هەڵنایەت، بۆیە تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن

لیا شەرەف یەکێکە لە ئەکتەرە لاوە بەهرەمەندەکانی وڵاتی مەغریب کە دوور لە خوێندنی بواری هونەری وەك عەشقێك بۆ نواندن توانیویەتی لەو بوارە سەرکەوتوو بێت، تا ئێستا بەشداری لە دە فیلم و چەندین ڤیدیۆ کلیپدا کردووە، لەم دیمانەیەدا باس لە سەرەتاکانی و هۆکارەکانی سەرکەوتنی هونەرمەندانی ئافرەت و چەند بوارێکی دیکە دەکات.



*** بۆچی زیاتر لە کلیپەکاندا دەردەکەویت؟**

- جگە لە کلیپ بەشداریی زۆر کاری دیکەی هونەریم کردووە، بەم دواییە بەشداریم لە فیلمێکدا کرد بە ناوی (وریقات الحب)، هەروەها چەند فیلمێکی دیکەش کە تا ئێستا بڵاونەبوونەتەوە، من مۆدێلم، ئەوەش زیاتر وایکردووە کە لە کلیپ و ریکلامدا بەشداربم.

*** پەتای کۆرۆنا لە وڵاتی مەغریب چۆن کاریگەریی لەسەر کارە هونەرییەکان کردووە؟**

- بەداخەوە کاریگەرییەکی نەرێنیی زۆر خراپی لەسەر کارە هونەرییەکان کردووە، چونکە مۆڵەتی کارکردن و وێنەگرتن نادرێت، هیواخوازین لە چەند مانگی داهاتوودا ئەم دۆخە بەرەو باشی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، من ئێستا خۆم ئامادە دەکەم بۆ بەشداریکردن لە فیلمێکی کورتی ئەکشندا، هەروەها لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی ناسراو لەسەر ئاستی مەغریب بەشداری لە سێ کلیپدا دەکەم.

*** لە نێوان سینەما و شانۆ و درامادا لە کامیان زیاتر خۆت دەبینییەوە؟**

- من عاشقی سینەما و درامام و کەسایەتیی هونەریی خۆم زیاتر لە دەبینمەوە، بەتایبەتی سینەما، بڕوام بە تواناکانی خۆم هەیە کە داهێنانی تێدا بکەم، بەڵام سەرەتا کە دەستم پێکرد، راستەوخۆ لە رێگای شانۆوە بووە.

*** پێوەرەکانی سەرکەوتنی هونەرمەندان، بەتایبەتی کچان لە مەغریب چین؟**

- هونەرمەند پێویستە رۆشنبیر بێت، جوان بێت، گرنگی بەخۆی بدات، بەڵام بەر لە هەموو شتێك پێویستە توانای داهێنانی هەبێت، چونکە مەغریب وڵاتێکی کراوەیە و بەسەر کولتووری جیاجیادا دابەش بووە، بۆیە ئێمە زۆر حەز لە داهێنان دەکەین لە هەموو بوارەکاندا.

*** لە کارە هونەرییەکانتدا کێ هاوکاریی کردوویت؟**

- لە سەرەتای دەستپێکردنی کارە هونەرییەکانمدا کەسانێك هاوکارییان کردم، بەڵام دواتر لەڕووی بەرهەمهێنان و خەرجیدا هەر سەرکەوتن و داهێنانێکم کردبێت، لە ئەنجامی ماندووبوون و تواناکانی خۆم بووە.

*** ئەی کەس نەبوو ئامۆژگاریت بکات؟**

- من هەر لە سەرەتای کارە هونەرییەکانمەوە بڕوای تەواوم بە تواناکانی خۆم هەبووە، هەمیشە هەوڵم داوە کاری نوێ و داهێنان بکەم لە هونەردا، هەوڵم داوە بژاردەکانم راست و درووست بن و زۆر ورد بم لە هەڵبژاردنی ئەو فیلم و شانۆگەرییانەی کە بەشدارییان تێدا دەکەم، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم لە کارەکانمدا خۆم تەنیا بە چەند رۆڵێکی دیاریکراو و دووبارەوە نەبەستمەوە و کارێك نەکەم کە لە کۆتاییدا لێی پەشیمان ببمەوە، چونکە ئێستا کەسانێك هەن کە بە هەموو رۆڵێك رازین، تەنیا بۆ ئەوەی دەربکەون بێ ئەوەی گوێ بە هیچ شتێك بدەن.

*** لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی عەرەبی و مەغریب شەیدای کێی؟**

- من سەرسامم بە زۆر لە ئافرەتە هونەرمەندەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شەیدای ئەنجلینا جۆلی، سوعاد حوسنی، زەهرا رگاگیم، بەردەوام سەیری کارەکانیان دەکەم.

*** هونەری مەغریبی بەچی لە هونەری وڵاتانی دیکە جیا دەکرێتەوە؟**

- بێگومان هونەری مەغریبی لە زۆر رووەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وەك باسم کرد مەغریب کراوەیە بەسەر کەلتوری جیاجیا لە ئەورووپا، وڵاتانی کەنداو، مەغریبی ئەمەش وا دەکات کە لە مەغریب کولتوور و فەرهەنگی جیاجیا هەبێت، لە کارە هونەرییەکانیشماندا نوێکاری و داهێنان بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت و بە سوود وەرگرتن لە کولتووره جیاوازەکان کار وداهێنانی نوێمان بەردەوام هەیە.

*** بۆچی زۆر کەس ئافرەتە هونەرمەندەکانی مەغریب بە خۆ رووتکردنەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەپێناو سەرکەوتنی کارەکانیان ئەو کارە دەکەن؟**

- وەك خۆت ئاماژەت پێ کرد، ئەمانە تەنیا تۆمەتبار کردنە و لە ئیرەیی پێ بردنەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمانە کەسانێکن چاویان بە سەرکەوتنەکانی هونەرمەندانی مەغریب هەڵنایە، کارە هونەرییەکانمان لە هەموو تەمەنەکان سەیریان دەکەن، سەرەڕای ئەوەی لە سیناریۆی فیلمە سینەماییەکاندا هەندێك جار وروژاندن هەیە، کە ئەوانەش پێویستە بۆ سەرکەوتنی رۆڵی هونەرمەندەکان، کە ئەمەش جۆرێکە لە جورئەت لەلایەن ئەکتەر و دەرهێنەر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی فیلمەکانمان خاوێنن و ئەوەی سەیری دەکات پێویستە تێی بگات، ئینجا حوکم بدات.

*** نواندن بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- بەهرەیەکە وەك شیعر نووسین، دەنگخۆشی و گۆرانی وتن، بەهرەیەکی خوداییە، بەڵام هونەرمەند دەتوانێت پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، مەرج نییە ئەوەی لە رووی ئەکادیمییەوە بخوێنێت ئەکتەری باش بێت، بەڵکو پێویستە لە کارەکە بگات بەر لەوەی بیخوێنێت، زۆر هونەرمەند هەن لە مەغریب تەنیا بە کارێکی ناوازە وەك بۆمب تەقیونەتەوە و سەرکەوتنی بێ وێنە و مێژووییان بە دەستهێناوە، بەمەرجێك تەنیا یەك رۆژیش لە زانکۆ و ئەکادیمییاکان نەیانخوێندووە.

*** تا ئێستا لە چەند فیلم و کلیپدا بەشداریت کردووە؟**

- بەشداریم لە پێنج ڤیدیۆ کلیپدا کردووە، دووانیان لە سەردەمی کۆرۆنادا تۆمار کراون، هەروەها بەشداریم لە دە فیلمدا کردووە، لە نێوان فیلمی کورت و درێژ، لە ئێستاشدا خۆم ئامادە دەکەم بۆ تۆمار کردنی فیلمێك و چەند ریکلامێك و تۆمار کردنی یەکەم گۆرانیی تایبەتی خۆم، لەگەڵ نمایش کردنی چەند جلوبەرگێك کە دیزاینی خۆمن.

*** کاتی کەرەنتینەت چۆن بەسەر برد؟**

لەبەر ئەوەی زۆر دوو دڵم، رۆژانە کاتێکی زۆرم لەگەڵ ئامادە کردنی خواردن و شیرینەمەنی جۆراوجۆری مەغریبی بەسەر دەبرد، لە کەس نزیك نەدەکەوتم و بە هیچ شێوەیەك لە ماڵەوە نەدەچوومە دەرەوە، هەوڵمداوە بە ورەیەکی بەرزەوە مامەڵە لەگەڵ کۆرۆنادا بکەم و چاودێریی دایك و باوکم بکەم، سەرەڕای ئەمانەش لە کۆتاییدا هەر تووشی کۆرۆنا بووم.





# سكارلێت جۆهانسۆن بە نهێنی شووی كرد

ئەكتەر و ناودارانی جیهانی بە شێوازی جیاجیا رووبەڕووی ڤایرۆسی كۆرۆنا دەبنەوە، هەندێكیان بە خۆشەویستی و هاوسەرگیری و بەردەوام بوون لە جێبەجێكردنی پلانەكانی ژیانیان سەرەڕای ڕێوشوێنەكانی بەرەنگاربوونەوەی كۆرۆنا و ترسی بەردەوام لەو ڤایرۆسە.

لەم بارەوە رۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی رایگەیاند كە خانمە ئەكتەر سكارلێت جۆهانسۆنی تەمەن ٣٥ ساڵ دوای دوو ساڵ لە پەیوەندی خۆشەویستی، ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەكتەری كۆمیدی كۆلن جۆستی تەمەن ٣٨ ساڵ پێكهێنا لە ئاهەنگێكی نهێنیدا، سكارلێت لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتی ئەنستاگرام رایگەیاند: بەخۆشحاڵییەوە هەواڵی پێكهێنانی ژیانی هاوسەریمان رادەگەیەنین لە ئاهەنگێكی تایبەت لەگەڵ خزم و كەسان بە پابەندییەكی تەواو بە رێنماییە تەندروستییەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا.

شایەنی باسە ئەمە سێیەم جارە سكارلێت ژیانی هاوسەریی پێكدەهێنێت، جاری یەكەم ساڵی ٢٠٠٨ بوو تا ساڵی ٢٠١١ لەگەڵ ئەكتەر ریان رینۆڵدز، جاری دووەمیش لەگەڵ رۆژنامەنووسی ناسراو رۆمان دۆریا لە ساڵی ٢٠١٤ تاكو ٢٠١٧، بەڵام ئەمە یەكەمجارە كۆلن جۆست ژیانی هاوسەریی پێكدەهێنێت.



# شرادها کاپور پێش دیبیکا دەکەوێت

ئەکتەرە جیهانییەکان لە زۆر بواردا رکابەرێتی یەکتر دەکەن ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆش نەبێت و خۆیان ئەو بابەتە نەدرکێنن، بەڵام لەلایەن جەماوەرەوە گرنگی بە بابەتی زۆر ورد دەدرێت. چاودێری کردن و گەڕان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هونەرمەندان یەکێك لەو بابەتانەی کە ئێستا گرنگی خۆی هەیە و بۆلیۆدیش لەو رکابەرێتییە بێبەش نییە.

بەم دواییە میدیاکانی هیندستان رایانگەیاند کە شرادها کاپوری خانمە ئەکتەری بۆلیۆد پێش دیبیکا بادۆکۆن کەوتووە لە ژمارەی ئەو کەسانەی لە پەیجەکەی تۆمار کراون لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لە ئەنستاگرام، بەم دواییە ژمارەیان گەیشتە ٥٦ ملیۆن کەس بەمەش هاتە پلەی سێیەم وەك بەناوبانگترین کەسایەتی لەرووی جەماوەرییەوە لە هندستان لە شوێنی دیبیکا بادۆکۆن کە ژمارەی ئەو کەسانەی چاودێری پەیجەکەی دەکەن (٥٢,٣) ملیۆن کەسە.

بەپێی دوایین ئاماری رۆژنامەی (Mid-Day)ی هیندی ئێستاش یاریزانی ناسراوی کریکیت فیرات کۆلی لە پلەی یەکەم بە (٨٢) ملیۆن کەس و لە پلەی دووەمیش بریانکا شۆپرا دێت بە (٥٨) ملیۆن کەس.



# جۆنی دیپ: کۆڵ نادەم تا بێتاوانی خۆم دەسەلمێنم

دوای جیابوونەوەی جۆنی دیپی ئەکتەری هۆلیود و هاوسەری پێشووی ئامبر هیرد و بەرزکردنەوەی سکاڵا دژی لەلایەن هاوسەرەکەی و تۆمەتبار کردنی بە مامەڵەی توندوتیژی و لێدان و ئالودە بوونی بە ماددەی هۆشبەر، هەروەها رۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی راپۆرتێکی لەو رووەوە بڵاوکردەوە.

میدیای جیهانی و جەماەر گرنگییەکی زۆریان بەم بابەتە داوە و مشتومڕێکی زۆر درووستکرد بەتایبەتی دوای ئەوەی دادگا لە بەرژەوەندی ئامبر و رۆژنامەی زە سەن بڕیاری دەرکرد و جۆنی دیپی بە لێدانی هاوسەرەکەی تۆمەتبار کرد، لەلایەن خۆیەوە جۆنی دیپ سکاڵایەکی دژی رۆژنامەی ناوبراو و هاوسەری پێشووی بەرز کردەوە و بە ناوزڕاندن تۆمەتباری کرد و رایگەیاند: بە هیچ شێوەیەك کۆڵ نادەم تا ئەو کاتەی بێ تاوانی خۆم دەسەلمێنم.

رۆژنامەکان گرنگییەکی زۆریان بە گۆڕانکاری لە کەسایەتی جۆنی دیپ داوە، چونکە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا جۆنی دیپ کەسایەتی راستگۆ و بێ گرفت بوو، بەڵام ئێستا گۆڕانکارییەکی لە کەسایەتی ئەو ئەکتەرەدا روویداوە، بەتایبەتی دوای بڕیار دادگا و تۆمەتبار کردنی بە لێدانی هاوسەری پێشوو و بوونی بەڵگە لەسەر لێدانی.

لەلایەن خۆیەوە رۆژنامەی گاردیان رایگەیاند کە لێدانی ئەکتەر لە هاوسەرانیان و توندوتیژی بەرامبەریان وەك جاران مایە شۆك نییە و خەریکە دەبێتە دیاردە، بۆ نموونە ئەکتەری کۆچ کردوو شۆن کۆنری زۆر جار لە هاوسەرەکەی خۆی داوە و بەرگریشی لەو پیاوانە کردووە کە توندوتیژی بەکاردەهێنن بەرامبەر هاوسەرەکانیان، هەرچەندە جۆنی دیپ و شۆن کۆنری دوو کەسایەنی جیاوازن لە زۆر رووەوە.